# میافارقین لەنێوان بەرگری کورد و پەلاماری مەغۆلەکاندا

# (٦٥٦-٦٥٨ک/ ١٢٥٨-١٢٦٠ز)

م.ی. گۆران عبداللە حمە علی داسنی[1] م.ی. نیرکس بایز حمد[2]

کتێبخانەی ناوەندی/زانکۆی کۆیە، کوردستان، عێراق

بەشی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کوردستان، عێراق

**پوختە**

میافارقین یەکێکە لەشارەکانی هەرێمی جەزیرە، کەدانیشتوانەکەی کوردبوون، گەمارۆدان و هێرشی مەغۆلەکان بۆسەر شارەکە یەکێکە لەڕووداوە گرنگەکانی مێژوو. مەغۆلەکان لەسەردەستی هۆلاکۆ بڕیاریاندا داگیری بکەن، دوای دووسال لەگەمارۆدانی شارەکە ساڵی(٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) دەستیان بەسەرداگرت، بەجۆرێك شارەکەیان خاپورو وێرانکرد سیمای ئاوەدانیان پێوە نەهێشت. مەبەستمان لەتوێژینەوەکە دەرخستنی ئەو کاولکاریانەیە کەمەغۆلەکان لەناوچە کوردییەکان، بەتایبەت لەشاری میافارقین، دەروازەی وڵاتی شام ئەنجامیاندا، کوردەکان چۆن بەرگریانکرد و بۆچی خۆیاننەدا بەدەستەوە، ئایا ڕێگایێك بۆ ئاشتی و متانەیەك نەبو لەنێوان کورد و مەغۆلەکان بۆ پاراستنی شارەکە، کەوتنی شارەکە چ دەرەنجامێکی بەسەر ناوچەکانیتر و شارو دەسەڵاتدارانی ناوچەکانیترەوە هەبو، ئایا ناوچەکانیتر هاوکارو پشتیوانی شارەکەبون، یاخود دواتر توانای بەرگریان هەبو بەرامبەر بەشاڵاوی مەغۆل.

**کلیلە وشەکان:** میافارقین، بەرگری کورد، پەلاماری مەغۆلەکاندا

## 1. پێشەکی

زۆر باس وتوێژینەوە سەبارەت بە مەغۆل ئەنجامدراون، بەڵام ڕوبەڕوبونەوەی نێوان کورد و مەغۆل بابەتێکی سەرنج ڕاکێش بوو، بۆ توێژینەوەیێکی زانستی. توێژەرانی کورد لەوڕووەوە شتێکی ئەوتۆیان تۆمارنەکردووە، هیچ بابەتێکی تایبەتمان نەبینی سەبارەت بە شەڕی نێوان کوردو مەغۆل، بۆیە توێژینەوەیێك لەوبوارەدا پێویستبوو.

ئامانج لەتوێژینەوەکە هێنانەبەرباسی بابەتێکە، تاکۆرونبێتەوە، کوردیش لەبەردەم شاڵاوی مەغۆلەکاندا لەناوچەکە پارێزراو نەبوە، پوێستە ئەوبابەتە بخرێتە بەرباس، ڕۆڵی ئەیوبییەکان لەبەرگریکردن و وەستانەوە لەبەرامبەر مەغۆلەکان هەڵسەنگێندرێت، بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان شیکارێکی زانستیانەی بۆبکرێت،

توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی دەبەستێت، لەگەڵ شیکردنەوە و هەڵێنجانی ئەو ڕوداوانەی ڕویانداوە، لەنێو دوو توێی سەرچاوەکاندا، بە تێڕامان و وردبونەوە لەنێوسەرچاوەکانی مێژوو، دەقی نێو پەرتوکەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو بوارە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لەدەروازەیەک و سێ تەوەر پێکدێت، لە دەروازەکەدا هەڵکەوتەی جوگرافیای شارەکە و بارودۆخی هەرێمی جەزیرە دەخرێتەڕوو، لە تەوەرەی یەکەمدا، بارودۆخی شارەکە بەر لەهێرشی مەغۆلەکان و چوونی (مەلیک کامیل محمد کوڕی شهاب الدین غازی ئەیوبی) بۆ لای خانی مەغۆل (مەنگۆقائان: ٦٥٠ک/ ١٢٥٢ز) بە دیاریەوە، تالەشاڵاوی مەغۆلەکان پارێزراوبێت، لەتەوەرەی دووەمدا، هەوڵەکانی مەلیک کامیل بۆ بەرگریکردن وچوونی بۆ لای سوڵتان (ناصر یوسف634-658ك/ 1236-1260ز) حوکمڕانی حەلەب و دیمەشق، بۆئەوەی پاڵپشتیبکات بۆ بەرەنگاری. لەتەوەرەی سێیەمدا، باسی گەمارۆدانی شارەکە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 25 أغسطس 2022؛ قُبل في 16 فبراير 2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 28 نيسان 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: goranabdulla593@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 گۆران، نیرکس. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەلایەن مەغۆلەو، کۆڕانی مەلیک کامیل، زیانەکانی هێرشەکە خراوەتە ڕو، بۆئەو مەبەستە سود لەسەرچاوە ڕەسەنەکان، ژێدەرەکان وەرگیراوە، کە لەوبوارەدا تۆمارکراون لەلیستی سەرچاوەکاندا.

**دەروازە:**

هەلکەوتەی جوگرافیای میافارقین شوێنێکی گرنگ بوو لەناوچەکەدا، بەهۆی ئەوەی دەروازەیێك بوو بۆ گەیشتن بەشام، یەکێک بوو لە شارە گرنگەکانی هەرێمی جەزیرە (الیعقوبی، ١٩٨٨: ١١٠؛ ابن حوقل، ١٩٧٩: ١٨٩)، لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر (یاقوت الحموی: د.ت، ص٥٧)، لەکۆندا ڕۆمانیەکان بە ناوی (مرتیبولیس) ناویان بردووە، ناوی لەسەرچاوە سریانیەکان بە میافارقین یان شاری (شەهیدان) هاتووە، (مرعي، ٢٠٠٥: ٧٢). لسترنج بە ناوی (میفرکت ئەو موقوکین) ناوی بردووە، (١٩٥٤:١٤٤)، لەسەرچاوە عەرەبە ئیسلامیەکان بە (میافارقین) هاتووە(المقدسي، ٢٠٠٢: ١٤١). بۆیە بەچەند ناوێکی جیاجیا، بەپێی قۆناغ و دەسەڵاتدارییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

الفارقي، باسی لەسەرەتای دروستبونی شارەکەو تاوەرەکانی، دەروازەو شوراکانی، شوێنی پەرستگای مەسیحیەکان، مێژووی پێش ئیسلامی کردووە، دەریخستووە، چۆن فارس و ڕۆمەکان دەستیان بەسەر ئەم شارەدا گرتووە، دواترکەوتۆتە دەست فەرمانڕەوایانی موسڵمانان، ئاماژەی بۆئەوەکردوە ئەو زانیاریانەی لە پەرتوکی (التشعیث) وەرگرتووە، کە لە پەرستگای مەسیحیەکانی میافارقین بینیویەو بەهاوکاری یەکێک لەقەشەکانی ئەو پەرستگایە کەناوی نەبردووە، لەسریانیەوە کردوویەتی بەعەرەبی، (١٩٥٩: ٤٩؛ مرعي، ٢٠٠٥: ٧٢)، شارەکە لەکۆندا مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ بو، (بورهان، ٢٠٠٧: 15)، زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کوردبوون، (یاقوت الحموی، د.ت: ٣٤٩).

لەسەردەمی هاوچەرخدا، ناوی شاری میافارقین لە ساڵی(١٢٦٠ ك – ١٨٤٤م) بە(سلیڤان) هاتووە، ئێستا میافارقین یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باکوری کوردستان، لەرۆژهەڵاتی تورکیا، لە خورئاوای دەریاچەی وان، (مرعي، ٢٠٠٥: ٧٤).

سەبارەت بەناوچە کوردیەکانی هەرێمی جەزیرە، جوگرافیاناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلە و فوڕات، لە بەشی باکور، گرنگترین شارەکانی هەرێمی جەزیرە کورد تێیدا نیشتەجێ بوون بریتین لە: میافارقین، ماردین، ئامەد، حەسەنکێف، جەزیرەئیبن عمر، ئامێدی، سەنجار(الیعقوبی، ١٩٨٨: ١١٠؛ ابن حوقل، ١٩٧٩:١٨٩؛ الخلیل، ١٩٥٨:١٧).

لەسەردەمی سوڵتان سەلاح الدینی ئەیوبیەوە، سنوری قەڵەمڕەوییان بۆ شارەکانی جەزیرەو ئەرمینیا هەڵکشا، ژمارەیەک شار و باژێر و قەڵایان لە دەست ئەتابگە تورکەکان دەرهێنا، لکاندیان بە دەوڵەتەکەیانەوە(تۆفیق، ٢٠١٣:٣٩٠)، لە ڕۆژگاری شاڵاوەکانی مەغۆل، دوو بنەماڵەی ئەیوبی لە کوڕو نەوەی مەلیک عادل سیف الدین ابوبکر فەرمانڕەوا بون، لە ناوچەگەلێکی هەرێمی جەزیرە، زۆربەی شارە کوردنشینەکان بەدەست دوو بنەماڵەی ئەیوبییەوە بوون وەك:

١ – میافارقین، حانی و ئەرزن بەدەست شهاب الدین غازی کوڕی مەلیک عادل ئەیوبیەوە بوون.

٢ – حەسەنکێف قەڵاکانی دەوروبەری بەدەست تورانشاهی کوڕی مەلیک صالح نجم الدین ئەیوبەوە بوون(تۆفیق، ٢٠١٣:٣٩٠).

هەرێمی هاوشێوەی هەولێر، شارەزور و داقوق لە هەڕەشەو مەترسی خانەکانی مەغۆل بە دوورنەبون، بە پەیامی هەڕەشەو پەلاماری سەربازی ئەرتوقیەکانی ماردین و ئەیوبیەکانیان هەراسان کردبوو، دەیانویست بیر لە پشتیوانی خەلیفەی عەباسی نەکەنەوە، بەڵکو ملکەچی خۆیان بۆ مەغۆل ڕابگەیێنن، (تۆفیق، ٢٠١٣:٣٩١)، بەتایبەت دوای ئەوەی (بدرالدین لؤلؤ) حاکمی شاری موسڵ بە تەواوی خۆی یەکلایی کردەوە بۆمەغۆل، ئامادەیی نیشاندا هاوکارییان بکات(خلیل، 1985: 42-٤٥). بەوجۆرە میافارقین بو بەئامانجی مەغۆلەکان، تا لەورێگایەوە بتوانن پلانی دوور مەودایان جێبەجێبکەن و بگەن بەمەبەستی سەرەکیان لەناوچەکانی شام.

تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی میافارقین، بەرلەهێرش و پەلاماری مەغۆل:

سەرکردە مەغۆلیەکان، لەڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە بەهەلو مەرجی سیاسی ناوچەکە ئاشنا بوبون، زانیاری هەوالگرییان پێگەدەیشت، دڵنیابوون ناکۆکن، هاوکاری ڕاستەقینە موسڵمانەکان کۆناکاتەوە، هیچ هاوهەڵوێستیەک لە نێوانیاندا نییە، ڕێوشوێنێک نەگیراوەتەبەر پێش بەجوڵەو فراوانخوازیەکانیان بگرێت، بۆیە خواست و مەرجەکانیان بەسەریاندا دەسەپاند، لە ساڵی(٦٢٨ك/ ١٢٣١ز) هێزەکانی مەغۆل گەیشتنە ناوچەکە، داوایان لەفەرمانڕەوای شاری میافارقین (شهاب الدین غازی ایوبی) کرد کە سوڵتان(جلال الدین منکبرتی الخوارزمی)یان بدات بەدەستەوە، لەکاتی ڕاوەدونانی لەلایەن مەغۆلەکانەوە گەیشتبوە یەکێک لەگوندەکانی میافارقین، (ابن الجوزی، ١٩٥١:٦٦٦؛ ابن خلدون، ١٩٧٩: ١١٤)، لەوکاتەدا نەهاتنە ناوشارەوە، شەڕ لەنێوانیاندا ڕوویندا، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەو بەرگریکردنی خەڵکەکەی لەبەرامبەر مەغۆلەکان، (ابن خلدون، ١٩٧٩:١٣٤). کەواتا مەغۆلەکان بەدوای دەرفەتدا دەگەڕان، بۆکاتێکی گونجاو تاپەڵاماربدەن.

ئۆکتای خان لەساڵی(٦٣٨ ك/ ١٢٤٠) نێردەیەکی نارده میافارقین، هۆشداریدایە شهاب الدین غازی(تۆفیق، ٢٠١٣: ٣٩١)، بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە سەری بۆ دانەوێنن، دان بەوەدابنێن پاشاو خاقانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، ((من نائب رب السماء ماسح وجه الارض ملك الشرق و الغرب قان قان)) (ابن کثیر، ٢٠٠٣: ١٥٦). مەغۆلەکان داوایان لە(شهاب الدین غازی)کرد، شوراو دیواربەندی مەملەکەتەکەی بڕوخێنێت، کەدەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنیان بەشارەکە(ابن الجوزی، ١٩٥١: ٨٠٨)، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوەدا، من تەنها یەکێکم لە پاشاکان، ئەم داخوازیە ئاراستەی ڕۆم وشامیش بکەن، ئەگەر ئەوان بەو کارە ڕازی بوون ئەوا منیش ڕازیدەبم (الذهبي، ٢٠٠٢، ٤٠- ٤١). ئەوەش وەك نارەزایەتیەك و ڕەتکردنەوەی داواکەی مەغۆل و خاقان لێکدەدرێتەوە، بەوەش مەغۆلەکان تورەدەبن، بۆیە دەبینین لەدواجاردا کاردانەوەیان کاردانەوەیێکی مەترسیدارە.

بۆیە جارێکیتر لەساڵی(٦٤٢ك/ ١٢٤٤ز) هێرشیان کردەسەر شاری میافارقین، کە هۆکارەکەی دیار نییە، بەڵام دیسان نەچوونە ناو شارەکە، (ابن

الفوطی، 1932: ١٩٤). پەیوەندی مەغۆل و مەلیک کامیل لە یەک ئاستدانین، بەڵکو پەیوەندیەکانیان لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و ناهاوسەنگە، بەجۆرێك مەلیك عادل هەوڵیداوە مەملەکەتەکەی لەبەلای مەغۆل بپارێزێت. هەرچەندە پاشاکانی ئەیوبی بەگشتی و ئەتابکەتورکەکان، بەتایبەت مەلیک(الناصر یوسف مر:658ك/1260ز) بڕێکی زۆری پارەو دیاری وەك سەرانە دەدا خانەکانی مەغۆل، کەچی بیانو وداواکاریان بەکۆتانەدەهات، هەمیشە بەدوای بیانودا گەڕاون، لەساڵی(٦٤٩ک/ ١٢٥١ز) سەرکردەی مەغۆل (بایجونویان) بەبازرگانان‌دا یارلیغی فەرمانی خانەکانی نارد بۆ یەکەیەکەی پاشاکانی ئەیوبی و ئەتابکە تورکەکان، تاهەرکەسەو بڕە پارەی دیاری کراو ئامادەبکات(تۆفیق، ٢٠١٣: ٣٩٣)، بەوجۆرە:

- الملک الناصر یوسف و عزالدین کەیکاوسی سەلجوقی (٦٤٧-٦٥٥ک/ ١٢٤٩- ١٢٥٨ز) سوڵتانی وڵاتی ڕۆم هەر یەکە دوو سەد هەزار دینار بدەن.

- بدرالدین اللؤلؤ و نجم الدین ئیلغازی ئەرتوقی خاوەنی ماردین(٦٣٦-٦٥٩ک/ ١٢٣٨- ١٢٦١ز)، مەلیک الکامل محمدی ئەیوبی خاوەنی میافارقین و ئەرزن هەریەکە سەد هەزار دینار.

- مەلیک موحد تقی الدین عبدالله ئەیوبی، خاوەنی حەسنکێف، پەنجا هەزار دینار (ابن شداد، ١٩٧٨:٢٣٧؛ تۆفیق، ٢٠١٣: ٣٩٣).

ئەم بڕە پارانە ئامادەبکەن، ئەگەرنا ئەوڕاستیە ناگۆڕێت، مەغۆل لە هێرشبردن و داگیرکردن ساردنەبوونەتەوە(تۆفیق، ٢٠١٣: ٣٩٣). بۆ ساڵی دواتر(٦٥٠ک/ ١٢٥٩ز) بایجۆنۆیان بەلەشکرێکەوە ڕووەو هەرێمی جەزیرە کشا، سەربازانی مەغۆل لە کۆکوژی و کاولکاری سڵیان نەکردەوە، بەهەزارانیان لە خەڵکی سڤیلی(میافارقین، حەڕان، رأس العین) کوشت، لە کاروانچی و ڕێبواران، تائەورادەیەی بازرگانێک بە تەنها لەسەر پردی نێوان (رأس العین و حەڕان) 380 کەسی کوژراوی ژماردبوو(ابن الجوزی، ١٩٥١: ٨٤٣). ئەوەش بەڵگەی بێبەڵێنیانبوو لەگەڵ ئەوەی داواکارییەکانیان جێبەجێدەکرا کەچی بەردەوامبون لەبەڵێن شکێنی.

مەغۆلەکان لەو هێرشانە زیاترمەبەستیان ئەیوبیەکانی میافارقین بوو، بەهێزترین دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون، بە کۆسپ و ڕێگریان دەزانین لە بەردەمیان، مەلیک کامل بە نزیک بوونەوەیان زانی بەرهەڵستی تاکەکەسی بێ سودە، بەڵکو زیانبەخشە، ڕویکردە شاری حەسەنکێف و پەنای بردەبەر مەلیک موحد، نەوەی مەلیک صالح نجم الدین ئەیوبی ئامۆزای، بۆ پاراستنی میافارقین لە گێچەڵی مەغۆلی (تۆفیق، ٢٠١٣:٣٩٤)، مەلیك ئەشرەف موسای برای ناردە لای باتۆخانی کوڕی جوجی کوڕی جەنگیزخان (٦٢٤-٦٥٤ک/ ١٢٢٧- ١٢٥٦ز) تکای لێبکات کارێکی وابکات (بایجۆنۆیان) دەست لە گەمارۆدانی میافارقین هەڵبگرێت، باتۆخان داواکەی پەسەندکرد، بەومەرجەی، لەگەڵ کشانەوەی بایجۆنۆیان ئەو بۆخۆی لەلاییێت، ڕەوانەی دەرباری مەنگۆقائانی بکات، فەرمان و نامەی نهێنی بە مەلیك ئەشرەف نارد بۆ میافارقین، کە گەیشتەجێ بایجۆنۆیان پاش یازدە ڕۆژ گەمارۆدان فەرمانەکەی جێبەجێکرد (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٧٦-٤٧٧). مەلیك کامل ڕاستەوخۆ گەڕایەوە میافارقین، ئەو پاشا تورک و خوارزمیانەی سزادا کە گەیشتنی مەغۆل و دوورکەوتنەوەی خانەوادەکەیان بەهەلزانی، بە نیازبون دەست بەسەر میافارقین دابگرن، عزالدین ئەیبک ساقی بکەنە فەرمانڕەوای میافارقین (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٧٨). بۆئەوەی بەیەکجاری کێشەکە بەکۆتابێت ،مەلیك کامیل خۆی دەچێت بۆلای مەنگۆ ئاقان، ئەو هەڵوێستەی مەلیك لێکدانەوێکی سیاسیانەی ژیرانەیە، لەپێناو پاراستنی مەملەکەت و گەلەکەیدا.

مەلیك کامل ویستی ئەو پەیمانەی بە باتۆخانی دابووبباتە سەر، نەوەك مەغۆل، بە بیانوی پاشگەزبوونەوە، دووبارە پەلاماری میافارقین بدەن، بۆیە لەکۆتایي(٦٥٠ک/ ١٢٥٢ز) بە دیاری گرانبەهاوە چووە دەرباری مەنگۆخان، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨١). دراوسێکانیش هەمان سیاسەتیان پەیڕەوکرد، بدرالدین لؤلؤ، نجم الدین ئیلغازی و هیشومی ئەرمەنی خاوەنی مەملەکەتی ئەرمەن، هەریەکەو کوڕێکی خۆیان بەدیاری گرانبەهاوە ناردە خزمەت خانی مەغۆل، هەمووان ملکەچی و پابەندیخۆیان بۆ دووپات کردەوە، (الذهبی، ٢٠٠٢، ٢٥)، ئەویش پەیامێکی بۆ نوسی تابیدەنە دەست هۆلاکۆی برای، چاوی لێیانبێت، دەست درێژی نەکەنە سەر مەملەکەتەکەیان، سوێندی ئەوەشی پێخواردبوون کە ئاستەنگ و گرفت بۆ هۆلاکۆ دورستنەکەن، بەڵکو بەهەموو توانایانەوە پشتگیری بکەن، (ابن شداد، ١٩٧٨:٤٨٢). بەوجۆرە ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردولا دێتە ئاراوە.

تەوەرەی دووەم: هەوڵەکانی مەلیك کامل بۆبەرگریکردن لە میافارقین:

هۆلاکۆ هەوڵیدا، مەلیک کامل بەئاشتیانە ڕازیبکات، نامەیەکی بۆنارد، داوای لێکرد شارەکە بێمەرج بدات بەدەستەوە، نامەکەی بەکەسێکی عەرەبی نەصرانیدا نارد بەناوی (قیسی یعقوبی)، بۆئەوەی بتوانێت بەزمانی خۆی قسە لەگەڵ مەلیکدا بکات، بۆئەوەی کێشە بخاتە نێوان نەصرانیەکان و مەلیکەوە، تائەوانیش یارمەتی مەغۆلەکان بدەن، لەکاتی پێویستدا، (راغب، ٢٠٠٦:١٧٥؛ بخیت، ٢٠١٠: ٢٦١-٢٦١٢).

مەغۆلەکان، کۆتاییان بەکارە سیخوڕی و هەواڵگریەکانی خۆیان لەسەر خاک و گەل و پاشاکانی وڵاتی جەزیرە هێنا، (الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٣)، دوای داگیرکردنی بەغدا، قورسایي و هێرشی سوپاکەیان خستەسەرجەزیرە، دوای ڕوخانی بەغداد (٦٥٦ک/ ١٢٥٨ز) بڕیاریدا بە تەواوکردنی ئەو نەخشەیەی مەنگۆخان کێشای، بۆدەستگرتن بەسەر جەزیرەی فوڕات و شام، (الهمذانی، ١٩٨٣:٣٠٩-٣١٠)، کاتی خۆیان بەفیڕۆنەدا، ڕاستەوخۆ بەرەو جەزیرە بەڕێکەوتن (نەسیبین و حەڕان) یان بە ئامانج گرت، (الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٣). بەسەرکردایەتی یەشموتی کوڕی، بە هاوکاری دوو سەرکردەی تر ئیلکاتۆیان و سۆتای نۆیان، بەرەو میافارقین بەڕێکەوتن، (الهمذانی، ١٩٨٣: ٣١٩- ٣٢٠؛ الصیاد، ٢٠١١: ٣٣٧). هێزێکیتری بەسەرکردایەتی صالحی کوڕی بدرالدین لؤلؤ بەرەو ئامەد بەڕێکرد، (الصیاد، ٢٠١١:٣٣٧؛ الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٣). زۆربەی دەسەلاتدارانی ناوچەکە ملکەچی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام مەلیك کامل ملی بۆداواکەیان نەدەدا(عبدالحکیم، 2011: 213-212). بەوەش تاکە ڕێگا هێرشکردنە سەریبوو، بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەبری پاڵپشتی و یەکگرتن چونەتە سەنگەری دژایەتی و بەرەی دوژمن، بەوجۆرە جیهانی ئیسلامی بونەتە بەشێك لەوکاولکاریانەی بەسەریانداهات، جاچ لەترسی مەغۆلەکان بوبێت یاخود بەهۆی ناتەباییانەوە.

هۆلاکۆ لەبەر سەختی ناوچەکەو ئەگەری هاوسۆزی موسلمانان بۆمەلیك عادل و ترسی لەوبارەوە، لەبەرامبەردا میرەکانی هاوپەیمانی هۆلاکۆ مەبەستیان مانەوەبو لەشوێنی خۆیان ئەگەر لەسایەی مەغۆلیشدابێت، بۆیە دەیویست لەمێخەوە هەڵیانتەکێنێت و هێرش بکاتە سەریان(عبدالحكيم، ٢٠١١: ٢١٣). کاتێك لەسەرەتای ساڵی (٦٥٥ک/ ١٢٥٧ز) مەلیک کامیل دوای سێ چوار ساڵ مانەوە لای مەنگۆخان، گەڕایەوە میافارقین(تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٠٦). لەوماوەیەدا لەنزیکەوە شارەزای سیاسەت و سروشتی شەڕانگێزانەی خانەکانی مەغۆل ببو، بەتەواوەتی گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەوان هەرگیز گوێ بەپەیمان و بەڵێن نادەن، تەنها زمانی جەنگ و کوشتار دەزانن، بە هەرشێوەیەکبێت و لە چ هەلو مەرجێکدابێت سڵ لە کوشتن، بڕین، داگیرکردن، کاولکاری ناکەنەوە، ملکەچکردن و خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەریاندا دادی هیچ کەس و لایەنێک نادات(تۆفیق، ٤٠٦:٢٠١٣-٤٠٧).

کامل، دوای گەڕانەوەی کەوتە خۆی، لەخانی مەغۆل هەڵگەڕایەوە و پابەندی خۆی هەڵوەشاندەوە، دەستیکرد بە دەرکردنی نوێنەرو بەرپرسانی مەغۆل لە ناوچەکە، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨٤؛ ابن العبری، تأريخ الزمان، ١٩٩١: ٣١٤؛ قداوی: ٢٠١٥: ٧٨)، ئەو قەشە سریانیەی کوشت کە نشانەی مەغۆلی هەڵگرتبوو، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨٤). مەلیک مشمری ئامۆزای نارده سەر شاری ئامەد، دەستی بەسەرداگرت، جێگرانی سەلجوقە ڕۆمەکانی لەناوبرد، چونکە بدرالدين لؤلؤ لەهەوڵی ئەوەدابوو ئامەد بگریت، بەنهێنی پەیوەندی بەیەکێک لەگەورە بەرپرسانی شارەکەوە کردبوو، پەیمانی کۆمەلێک پاداشتی پێدابوو، ئەگەر پشتیوانی بکات لەگرتنی شارەکەدا، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٥٢٤). مەلیک کامیل کاتێك لەپلانەکە ئاگادار بۆوە، دەست پێشخەریکرد و ئامەدی گرت، کە پێشتر بەدەست باوکیەوەبوو، میرێکی کوردی بەناوی سیف الدين دڵی کوڕی مجلی بەجێگری خۆی تێدا دامەزراند، نەوەک بدرالدين ئامەد بگرێت و پشتی لێبگرێت، مەغۆلی لێهانبدات، ئاسانکارییان پێشکەش بکات، هۆلاکۆ ئەم هەنگاوەی میری ئەیوبی بەسەرپێچی و لەڕێدەرچوون دانا، داوای لێکرد شوراکانی ئامەد وێران بکات و بیداتەوە بەسەلجوقیەکانی ڕۆم، کەچی مەلیک کامیل گوێی بەگەفی هۆلاکۆ نەدا، (تۆفیق، 2013: 407)، بەدڵنیاییەوە ئەوەش دەبێتە مایەی نیگەرانی مەغۆلەکان، بۆیە لەوقۆناغەدا کە هێشتا مەغۆلەکان پەلاماری ناوچەکەیان نەداوە، ئەورەفتارانەی مەلیك عادل هەنگاوێکی سیاسی و سەربازی هەڵەیە، لەکاتێکدا خۆی شارەزای مەغۆلەکان بوو، دەیزانی زیاتر نیگەران و تورەیاندەکات، بەوەش هانیدان وەك بەربەست و دوژمن لیبیڕوانن نەك وەکودۆست.

لە ساڵی (٦٥٦ک/ ١٢٦٨ز) مەنگۆخان لەکاتی هێرشبردنە سەربەغداد، داوای لەمەلیک کامیل کرد بەخۆیی و براکانی و سوپاکەی هەرچی پێداویستی و سامانی دارایی هەیە ئامادەبن، بەشداری شەڕی داگیرکردنی بەغداد بکەن، مەلیک کامیل ئەم داخوازیەی ڕەتکردەوەو پشتگوێیخست، (ابن شداد، ١٩٧٨:٥٠٥؛ علی، ١٩٩٢:١٣٤؛ تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٠٧). ئەگەرچی ئەوهەڵوێستەی عادل کارێکی جوامێرانەبوو، بەڵام لای مەغۆلەکان وەك یاخیبون ئەژماردەکرێت، چونکە پێشتر چەند هەنگاوێکی بەدژی ئەواننابوو، وەك دەرکردنی نوێنەرەکان و سەنگەرلێگرتنیان و گرتنی ئامەد، بۆیە پێویستبوو ڕێگایێك بدۆزێتەوە بۆخۆلادان لێیان، تا مەملەکەتەکەی لەبەڵای مەغۆل بپارێزێت. بەوپێیە مەلیك عادل هانی مەغۆلەکانیداوە تاوەکو نەیار سەیریبکەن نەك وەك دۆست. بەڵام مەلیك عادل لەوەباشتر مەغۆلەکانی ناسیوە تامتمانەیانپێبکات، بەوپێیەی لەلایان ژیابو شارەزای خۆو رەوشتیانبوو.

مەلیک کامیل سوربوو لەسەر دژایەتی کردنی هۆلاکۆ، پێداگیری لەسەر بەرگریکردن و خۆ ئامادەکردن، ڕێکخستنی ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی، یەکخستنی هەڵوێستیان و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو(تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٠٨)، داوای لە میرە موسڵمانەکانکرد بۆ پێکهێنانی هێزێکی ئیسلامی دژی مەغۆل لەم هەرێمە، (قداوی، ٢٠١٥:٧٩)، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ مەلیک ناصرالدين میری حەلەب بەرەو دیمەشق بەڕێکەوت، گەیشتەلای سوڵتان ناصر ووتی: ئەم تەتارانە سازشکردن و خۆگونجاندن لە گەڵیان بێ سودە، دادی کەسی نەداوە، نەرمی نواندن و پارەپێدانیان پاشگەزیان ناکاتەوە، ئەوان جگە لە کوشتنی خەڵک و زەوتکردنی وڵات هیچ ئامانجێکی تریان نییە، ئەوەتانێ تۆ لەساڵی(٦٤٢ک/ ١٢٤٤ز) تا ئەمڕۆ(٦٥٦ک/ ١٢٥٨ز) بەردەوام پارەو دیاریان بۆ دەنێریت، دەپرسم ئەم هەموو دڵسۆزی و دۆستایەتییە چ کاریگەریەکی لەسەر داناون؟ تۆ بە قسەی بدرالدين لؤلؤ و الزين الحافظی و هەندێک لە دەست و پێوەندەکانت بەتەمان فریوت بدەن و لە خشتەت بەرن، تا مولک و سامانت بۆ خۆیان بەرن، تاکەی چاوەڕوانی؟ من لێم ڕوونە لە گەڵیانبم یان لەدژیانبم هەر کوژراوم، بۆیە وەستانەوەم لە دژیان هەڵبژارد لەڕێگەی خودا، ئەوەتا پەلاماری بەغدایان داوە، تکادەکەم بەرژەوەندی موسڵمانان لەوەدایە سوڵتان بە لەشکر و سەربازەوە بێتەمەیدان و بچێت بە هاواری خەلیفەی موسڵمانانەوە، بەر لە شاڵاوی مەغۆل بگریت، منیش لە خزمەتتدام، ئەگەر توانیمان پێیبگەین و ڕزگاری بکەین ئەمە باشترین شتە بۆ ئێمە، لەلای خەلیفەش دەبینە خێوی دەست سپی، ئەگەر پێشی نەگەیشتین تۆڵەی بۆ دەستێنینەوە (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨٤-٤٨٦؛ راغب، ٢٠٠٦،: ١٧٩؛ الصلابی، ٢٠١٠:٤٣٤).

کەواتا مەلیک کامیل بۆچوونێکی ڕوون و ئاشکرای هەبوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەغۆلەکان، ئەو پڕۆژەیەی کە لە کاتی دیداری مەلیک ناصری ئەیوبی لە دیمەشق خستیە ڕوو بریتی بوو لەپڕۆژەی پەلامار نەک بەرگری، دەیزانی دابەزینی هۆلاکۆ لە دەرەوەی بەغداد وگەمارۆدانی ئامانجیانە، دوای ئەوەی دەستیان بەسەرداگرت ڕوو لە جەزیرە و شام دەکەن، کەواتا ناوچەکەی ئەویش پارێزراونیە، بۆیە دانیشتن و چاوەڕوانکردنی مردن کارێکی ناسیاسیانەو نائاینییە، ئەوەش لاوازییە، بۆیە بەرگریکردن و پەلاماری پێشوەختە لەبەرژەوەندیدایە نەك چاوەڕوانی هاتنی مەغۆلەکانبکات تالەدەروازەکانی شاردەدەن.

مەلیك کامیل دووپاتی کردەوە بەڕووخانی بەغداد کۆتایی بەدەوڵەتی ئیسلامی دێت، بە هەموو حکومەت و ئەمارەتەکانیەوە، لەبەرئەوە دەیویست لەبەغداد دەست بەجێبەجێکردنی پڕۆژەکەی بکات، داوای لە سوڵتان ناصر کرد بەخۆیان و سوپاکەیانەوە بەرەوبەغداد بەڕێبکەون، چونکە ململانێ لەگەڵ تەتار لە بەغداد یەکلایی دەکرێتەوە، (الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٤- ٤٣٥). ئەوپێشنیارەی مەلیك کامل پێشنیارێکی سەربازیانەی گرنگە، چونکە هەمو

ڕەخنەکان سەبارەت بەناوچەکانی ئیسلامی ئەوەیە هەمیشە چاوەڕوانبون تا مەغۆل پەلاماریانبدات و بێتەسەر شارەکان، ئەوەش دەبوە خاڵێکی لاوازی سەربازی، چونکە کەس نەبوو هێزی جیهانی ئیسلامی یەکبخات و بەیەك هێز بەرەنگاری مەغۆلەکان ببنەوە لەدەرەوەی شارەکان.

کەچی مەلیک ناصر یوسف لە دۆخێکی ئەوهادا نەبوو بتوانێت ئەوکارەبکات، مەترسی دەرەکی چوار دەوریان دابوو، گەفیان لە چارەنوسی دەوڵەتەکەی دەکرد، کێشەو ململانێی ناوخۆیی میرە کوردەکان و مەملوکە تورکەکانی ئیوسوپاکەی کێشەیکی گەورەبوو، (تۆفیق، ٢٠١٣:٤٠٩). بەڵام سوڵتان ناصر کاربەدەستانی دەوڵەتەکەی کۆکردەوەو سەبارەت بەم مەسەلەیە ڕاوێژی پێکردن، بە ڕای زۆرینە پێشوازیان لە پرۆژەکەکرد، پێیان وابو دەبێت جێبەجێبکرێت، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨٦-٤٨٧؛ الصلابی، ٢٠١٠:٤٣٥). بەلام زین الحافظی و خالح نورالدین کوڕی مجاهید مەلیک اشرفی کوڕی منصوری حکومڕانی (حمص)، لەبەر ئەوەی لە گەڵ تەتار ڕێککەوتبوون دژی پرۆژەکە وەستانەوە، زین الحافظ بە سوڵتان ناصری ووت: پێشوازی و دیدارت لە گەڵی پاساو دەداتە هۆلاکۆ، پەلاماری وڵاتەکەت دەدات، بەرژەوەندی لەوەدایە داوای لێبوردنی لێبکەیت و بینێریتەوە میافارقین، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٤٨٧؛ الیونینی، ١٩٥٤:٤٣١).

سوڵتان ناصر بەنابەدڵی پێشوازی لەمەلیک کامیل کرد، بەڵام بەنەخێروەڵامیدایەوە، تەنها پێشنیاری بۆکرد ئەگەر دەیەوێت نوێنەرێکی لە گەڵ دەنێرێتە لای هۆلاکۆ، داوای لێخۆشبوونی بۆدەکات، مەلیک کامیل ووتی: هاتم بۆلات، بۆ ئەرکێکی ئاینی، بەکارێکی دونیایی پاداشتم دەدەیەوە، ئەگەر ئەوەم بویستایە خۆم لەتۆ نزیکترم). بۆیە سوڵتان ناصر بەڵێنیدا: (ئەگەر مەغۆل هاتنە سەر میافارقین، ئەوا هێزی سەربازیت بۆ دەنێرم، تا پشتیوانیت لێبکەن). کامیل ووتی: (ئەو کاتە هاوارم پێناگات و هیچ سودم پێناگەیێنێت). (ابن شداد، ١٩٧٨: ص٤٨٧؛ الیونینی، ١٩٥٤:٤٣٢). ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان بەڵگەی ترسی ناصرە لەمەغۆلەکان و ساویلکەییتی بەرامبەر دەوروبەرەکەی، خالی لاوازیەتی لەبەڕێوەبردنی وولات، پرۆژەکەی مەلیك کامل لەجێی خۆیەتی و کاتی ئەوەیە بەیەکەوە هەموان بەرەنگاری مەغۆل ببنەوە، بەلام ناکۆکی نێوانی کورد و موسلمانان بەگشتی نەیێشت بەئەنجامبگات، دواجار هەموان بونە سوتەمەنی ناکۆکی نێوخۆیی هەردوو جیهانی کورد و ئیسلامی.

مەلیک کامیل تائەو کاتەی هەواڵی ڕووخانی بەغدای بیست هەر لە دیمەشق مابوو، لە ڕێگای حەلەبەوە بەرەو وڵاتەکەی گەڕایەوە، لە ڕێگا(ابن شداد) تووشی بوو پێی گوت: (سەبارەت بە هاتنت بۆلای سوڵتان ناصر پێکات، ڕایەکەت حەق بوو، بەڵام سەبارەت بە گەڕانەوەت نەتپێکاوە، دەڵێی نیازی میصرت هەیە ؟ )، مەلیک کامیل ووتی: لە تێکچوونی دڵی سوڵتان ناصر ترسام)، ابن شداد هانیدا ژن و منداڵەکانی لە میافارقین لابات، چەند جێگرێک لەجێیخۆی دابنێت، خۆشی بەمەبەستی گێڕانەوەی شکۆ بۆ لای سوڵتان بگەڕێتەوە(الصلابی، ٢٠١٠:٤٣٦-٤٣٧). کەواتا مەلیك کامل هەوڵی زۆریدا تا جیهانی ئیسلامی و میرنشینەکانی ناوچەکە یەکبخات بۆبەرەنگاری مەغۆل، بەڵام بەهۆی ناتەبایی و نەبونی متمانە بەیەکتری و بەخۆیان بۆ بەرگری نەگەیشتنە ڕێککەوتن تاسەرەنجام هەمویان زیانمەندبون.

لە ئەنجامی قسەی نێوان مەلیك کامیل و ابن شداد دەردەکەوێت بۆ دواوێستگەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەبەرامبەر مەغۆل بیری لە چوونە میصر کردۆتەوە، بەڵام ئەم کارەی نەکردو نەچووە میصر.

تەوەرەی سێیەم: هێرش و گەمارۆی مەغۆل بۆ سەر میافارقین:

هەولەکانی مەلیك کامیل لەگەڵ ناصر بەفیرۆچو، کاتی گەڕانەوەی لە شام هەواڵی پێگەیشت مەغۆلەکان نزیکبوونەوەتەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان چوو بۆ ئامێدی، بۆ هێنانی سەرباز بۆ پاراستنی میافارقین، ئەوەی کامیل چاوەڕوانی نەدەکرد ڕوویدا، میرشەریفەدینی ئەمەوی، یەکێک لە سەرکردەکانی، لێی هەڵگەڕایەوە بەهۆی ئەو کینەیەی بەرامبەری هەیبوو، پەیوەندی بە مەغۆلەکانەوە کرد و پەیمانی دانێ شارەکەیان ڕادەست بکات، (ابن شداد، ١٩٧٨:٤٨٨-٤٨٩؛ قداوی، ٢٠١٥:٨٠).

تا دەهات هەڕەشەو مەترسی مەغۆل زیاتر دەبوو، لەو ماوەیە هۆلاکۆ (بەغداد، هەولێر، ئازربیجان، هەکاری، زۆزان، بۆتان) ی داگیرکرد(تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٠٩-٤١٠)، فەرمانیدا هەریەک لە فەرماندەکانی، یشموتی کوڕی، ئیلکانۆیان و سۆناتای نۆیان کهدانی بەرەو میافارقین پێشڕەوی بکەن، خۆشی ڕوویکردە ڕەها(ئورفە)، نەصیبین و حەڕان، میری ئەیوبی دڵنیابوو کەس بە تەنگیەوەنایەت، دەبێت بە تەنها بەربەرەکانی مەغۆلەکان بکات، دەستی کرد بە ئامادەکاری، قایمکردنی شوراکانی میافارقین، ماڵ و منداڵەکانی بردە قەلای (الیمانیة)، خۆی چووە ئامەد، بەم کارە دەیویست لەوێوە پێشیان لێبگرێت، بەتەمابوو لەناکاو بەشەڕ پریداتە هێزەکەی کهیدانی، کاتێك لێیان نزیکبۆوە زانی لە توانایدانیە ئەوەبکات، یشموت بەئۆردوی مەغۆلەوە گەیشت، میری ئەیوبی بەپەلە گەڕایەوە میافارقین، خۆی بۆ بەرهەڵستی ئامادە کرد، (ئەلسەیاد، ٢٠١١: ٣٣٧؛ الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٧).

لە (٢٢- ذل العقدة ٦٥٦ ک/ ١٢٥٨ز) گەیشتنە سنوری شارەکە، نوێنەری خۆیان بۆ لای مەلیک کامیل نارد، داوایانلێکرد بەئاشتی خۆیان بەدەستەوە بدەن، (قداوی، ٢٠١٥: ٨٠). ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوا لەپەلامارو کوشتن و وێرانکاری ڕزگاریان نابێت، مەلیک کامیل بە حوکمی ئەوەی بە خیانەت و پەیمانشکێنی و بێ بەڵێنیان ئاشنا ببوو، بۆیە بە توندی داواکەی ڕەتکردنەوە. بەم شێوەیە وەڵامی دانەوە: (پێویست ناکات ئاسنی سارد بکوتین، چاوەڕوانی شتی مەحاڵ ناکەم، لەکاتێکدا من بڕوام بە پەیمان و بەڵێنەکانتان نیە، من بەقسەی هەنگویناوی تەفرە ناخۆم، لە سوپای مەغۆلیش ناترسم، شمشێرەکەم ڕاناگرم تازیندوبمێنم، چۆن بڕوا بە کوڕی پیاوێک دەکەم کە لەبەڵێنی لەگەڵ (رکن الدین خورشاهی ئیسماعیلی (٦٥٣-٦٥٤ ک/ ١٢٥٥-١٢٥٦ز) قەڵای ئەلەمۆت، خەلیفە حسامەدین عەکە وتاج الدین ابن الصلایای والی هەولێر پاشەگەزبۆوە، سولتان ناصر هەرچەندە بەبەڵێنی گیان پارێزی ئێوە هاتە لاتان چی بە چاوی خۆی دیت، ئەگەر بە قسەتان بکەم منیش وەک ئەوانم بەسەر دێت، (الهمذانی، ١٩٨٣:٣١٩-٣١٠؛ السیاد، ٢٠١١: ٣٣٨؛ علی، ١٩٩٢: ١٣٥؛ عبدالحکیم، ٢٠١١:٢١٤).

مەلیک کامیل بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان ڕووی کردە سەرباز و خەڵکی شارەکە، داوای لێکردن بەرگرییکەن، ڕێگا بەداگیرکەران نەدەن پێیان بخەنە ناو خاکەکەیانەوە (الهمذانی، ١٩٨٣:٣٢٠). دڵنیایکردن کەچی لە

خەزێنەکەی هەیە لە شتە گرانبەها و پارە هەموویان بۆ خەرج بکات و بەسەریاندا دابەش بکات (تۆفیق، ٢٠١٣:٤١١)، ئەو وەکو خەلیفەی عەباسی (موستعصم باالله) ناکات ماڵ وسامانەکەی بشارێتەوە لە سەربازەکانی، کە ئەمەهۆکارێکبو بۆ لەناوچوونی، (السیاد، ٢٠١١: ٣٣٨)، هەرچەندە ئەو پێشنیارەی مەلیك کامل درەنگ وەختبو، چونکە یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی سەرکردەو فەرمانڕەواکان هەژارکردنی خەڵکەکەیانە، ئەوانیش لەکاتی تەنگانەدا بڕوای پێناکەن و ئاوات بۆلەناوچونی دەخوازن، هەمیشە بەهۆی جیاوازی چۆنیەتی ژیانیان بۆشاییەکی گەورە لەنێوان فەرمانڕەوا و کۆمەڵگە دورستدەبێت، لەکاتی مەترسیدا ناتوانن باوەڕپێبکەن، بۆیە بەزیان بۆ دەسەڵاتداران دەشکێتەوە، بەلام کوردەکانی میافارقین هەموشتێکیان بەلاناو چونەپاڵ مەلیکەکەیانەوە.

کاتێك سەربازانی مەغۆل چواردەوری شاریان گرت خەڵکی شار ئامادەبوون بەرگری لە شارەکەیان بکەن، (تۆفیق، ٢٠١٣: ٤١١)، گەمارۆ و شەڕی دەستەویەخە چەند مانگ درێژەی کێشا، الهمذانی نەیتوانیوە ئازایەتی و لەخۆبوردەیی مەلیک کامیل و خەڵکەکەی بشارێتەوە، چۆن دڵسۆزانە بەرگریان دەکرد، تاهاوکاری سەربازی لەموصڵ و ماردینەوە گەیشتە یەشموت، بدرالدین لؤلؤ وەک هەمیشە دوو کوڕی خۆیی و کوڕێکی الملیك قەرە ئەرسەلانی ئەرتوقی بە هێز ومەنجەنیقەوە ئامادەکرد و خەندەقیان بە دەوری شار هەڵکەند، (الهمذانی، ١٩٨٣:٣٢٠؛ ابن الواصل، ٢٠١٤: ٢٤٧).

لەسەرەتای (٦٥٧ک/ ١٢٥٩ز)وە مێژوونوس (عزالدین ابن شداد م ٦٨٤ک/ ١٢٨٥ز) وەک نوێنەری سوڵتان ناصر لە دیمەشقەوە بەرێکەوت، دوای مانگێک گەیشتە میافارقین، بەهیوای هێورکردنەوەی ڕەوشی ئالۆزی شار و ڕازیکردنی یەشموت بە دەست هەڵگرتن لە گەمارۆ و گەیاندنی هەڵوێستی سوڵتان ناصر(ابن شداد، ١٩٧٨:٤٩١-٤٩٢؛ علی، 1992: ١٣٦). بەڵام تەنها ئەوەندەی پێکرا لەنامەکەیدا بۆ یەشموت، وێڕای پیرۆزبایی و بەخێرهاتنیان بۆ ناوچەکە، (تۆفیق: ٢٠١٣، ل٤١١)، سکاڵای خۆی دەردەبڕێت لەسەر پەلاماردانی هەرێمی جەزیرەوکوشتنی خەلك، گازندەو نیگەرانی خۆی نیشاندا کەماوەی بیست ساڵە پابەندی خۆیان بۆ ڕاگەیاندون، ساڵانە پارەو دیاریان بۆ دەنێرێت، کەچی بەو شێوەیە چاکەی دەدەنەوە، هەرچۆنێک بێت هەوڵی (ابن شداد) سەری گرت، رووی کردە شاری میافارقین لە گەڵ ئۆزدەمیر کوڕی بایجوی مەغۆلی، چاوی کەوت بە عەلەمەدینی ئەعسەر والی شار، (قداوی، ٢٠١٥: ٨١). لەگەڵ مەغۆلەکان پێکهاتن لەسەر پێدانی (١٠٠٠٠٠) دیناری سوڵتانی، (ناوی سوڵتان ناصری لەسەر نەخشێنرابوو)، (٦٠٠٠) نیو دیناری (لەمیافارقین لە قالب درابوون) لەگەڵ(٣٠) ووشتر، (٣٠) هێستر، (٥٠) ئەسپ بە یەشموت، ئەویش هێزەکانی بکشێنێتەوە، هەندێکیان لەکاتی چاوپێکەوتن و هەندێکیشیان لەکاتی ڕۆیشتنیان لەشارەکە پێبدات(الخلیل، ١٩٨٥: ٧٧-٧٨).

ئەو ڕێکەوتنە ئەوەندەی نەمابوو جێبەجێ بکرێت، لەودەمەی مەغۆلەکان بەنیازبوون ناوچەکە چۆڵ بکەن، خەریکی خۆ پێچانەوە بوون، پەیامی بدرالدین لؤلؤیان پێگەیشت، گوایە کوردە شارەزوریەکان و میرانی صالحی (ئەوانەی کاتی خۆی لەخزمەت مەلیک صالح نجم الدین ئەیوبی دابوون و مەلیک مخت خاوەنی کەرەک، لەمەلیک ناصر هەڵگەڕاونەتەوە، مەلیک ناصر بەنیازە شام جێبهێڵێت، ئەگەری ئەوە هەیە یارمەتی میافارقین بدات، ئەگەرچی هێزە سەربازییەکەی لاوازە، (ابن شداد، ١٩٧٨:٤٩٧). مەغۆلەکان ڕێکەوتنەکەیان پێشێلکرد بۆمانگێکیتر درێژەیان بەگەمارۆکەدا، سەرما و بەفرو باران تەنگی پێهەڵچنین، پەتا ونەخۆشی کەوتە ناو ئەسپەکانیانەوە، یەشموت شلەژا، هێزەکانی کشاندەوە سۆناتای بە(٣٠٠٠) هەزار سەربازی پیادەی هێشتەوە، نەوەک مەلیک کامیل هەلی هەڵهاتنی بۆ هەڵبکەوێت، یەشموت دوای تەواوبونی سەرماو سۆڵە نەگەڕایەوە، مەلیک کامیل و خەڵکی شار لەوماوەیەدا شوراکەیان نۆژەنکردەوە، خەندەقێکی تریان لێدا، جۆگەی ئاویان بۆ ڕاکێشا، دووبارەخۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادەکرد، (الهمذانی، ١٩٨٣:،٣٢٠-٣٢١).

مەغۆلەکان کەبڕوایان بەزانیاریەکانی بدرالدین لؤلؤکردبو، بڕیاری بەردەوام بوونیاندا لە ئابڵۆقەدانی شارەکە، سەرەتا دەستیان کرد بەدروستکردنی شورایەک بەچوار دەوری شارەکە، دامەزراندنی چەند بورجیک، هەڵکەندنی خەندەق قوڵ و ئامادەکردنی مەنجەنیقەکان، (ابن العبری، ٢٠٠١: ٢٧٧)، یارمەتیەکی گەورەیان پێگەیشت لەسوپای ئەرمەنەکانەوە، چونکە هاوپەیمانی مەغۆلەکان بوون، (ابن خلدون، ١٩٧٩:٥٤٣؛ الیونینی، ١٩٥٤: ٤٣١). بەپێی نوسینەکەی ابن خلدون، ئەرمەنەکان هاوکاری مەغۆلەکانیان کردوە بۆگرتنی شارەکە، ئەوە لەکاتێکدا ئەوان هاوسێی دێرین بوون، بەڵام ڕەنگە بەهۆی جیاوازی ئاینیەوە کوردە موسڵمانەکان نەیانتوانیبێت سۆزی ئەرمەن بۆخۆیان کێشبکەن، لەکاتێکدا دەسەڵاتداری ناوچەکەبون، ئەوە جگەلەوەی لەوقۆناغەدا شەڕی خاچیەکان ڕەنگە یەکێکبێت لەهۆکارەکانی پشت ئەوهاوکاریە.

بۆیە مەغۆلەکان بە بەشداری تیپە سەربازێکی ئەرمەنی و مەسیحی شەرقی، ئابڵۆقەی سەر میافارقینیان توندترکرد، موسڵمانانی ناو شار بەرپەرچیان دانەوە و خۆیان ڕاگرت، پاش تێپەڕبوونی ئەوماوە درێژە مەغۆلەکان نەیانتوانی بچنە شارەکە، (الصلابی، ٢٠١٠:٤٣٨-٤٣٩)، مەلیك کامیل سەرەڕای بە هێزی ئابڵۆقەکە پلانێکی زیرەکانەی جێبەجێکرد بۆ تۆقاندنی دوژمن لەرێگەی هێرشکردنی ڕۆژانەی لەناکاو بەسەرکردایەتی خۆی، (الهمذانی، ١٩٨٣:٣٢٠؛ قداوی، ٢٠١٥: ٨٢). ئەوە خاڵێکی گرنگە، مەلیك کامل خۆی سەرپەرشتی شەڕەکان دەکات، لەکاتێکدا خودی خەلیفە لەبەغداد بەوپەڕی لاوازی و زەلیلانە خۆیدایە دەستی مەغۆلەکان و سوکایەتیانپێکرد، بەوجۆرە مەلیك کامل وەك ئاماژەمان پێکرد کەدەیزانی ئەنجامی هەرکوشتنە، لەنێوان مردنێکی زەلیلانەو مردنێکی شەرەفمەندانەدا دووەمی هەڵبژارد. لە ناو سوپای ئەیوبی دوو سوارچاکی ئازا هەبوون ناویان (سەیفەدینی لوکیلی و عەنبەری حەبەشی) بوو، ترس و دڵەڕاوکێیان خستبووە دڵی سەرکردە وسەربازەکانی مەغول، بە هۆی ئازایەتی و زیرەکیان لەبەکارهێنانی شمشێر و کارامەییان لەتیرهاویشتن زیانێکی گەورەیان لەسوپای دوژمن دەدا، (الصیاد، ٢٠١١: ٣٣٨؛ الصلابی، ٢٠١٠: ٤٣٩).

مێژوونوس (الرشدین الهمذانی)، باسی ئازایەتی ئەوان و شاری میافارقینیش دەکات، ئاماژە بەوەش دەدات، سەربازەکانی مەغۆل بیریان لە هەڵاتن دەکردەوە، کاتێک بێ هیوابوون لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەم

دوو پاڵەوانە، (١٩٨٣: ٣٢٠-٣٢١). هۆلاكۆ بەوەی زانی بۆیە فەرمانی مانەوەیانیدا، دووپاتی کردەوە کە نابێت جێگاکانیان چۆڵ بکەن، هێزی زیاتری بۆناردن بۆ یارمەتیدانیان بەسەرکردایەتی (ئەرقتوا)، بەخۆیی و سوپاکەیەوە خۆی گەیاندە ناوچەکە، (الذهبی، ٢٠٠٢: ١٦٤؛ خلیل، ١٩٨٥: ٧٩). لەوقۆڵە گیرسایەوە سوپاکەی (ئیلکانۆیان) تێایدا سەنگەری گرتبوو، ئەم یارمەتیدانە کاریگەری زۆری هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکان، هێرشیپێچەوانەیان کردەسەریان بەسەرکردایەتی هەر یەک لە ئیلکانۆیان و ئەرتقوا، سوپای کامیل ڕووبەڕوویانبوونەوە، دوو سوارچاکەکە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەبەرگریکردن و کوشتنی سەربازێکی زۆری مەغۆلەکان و سەرلێشێواندنی (ئیلکنۆیان) و بەردانەوەی لەسەر ئەسپەکەی، (قداوی، ٢٠١٥: ٨٢).

مەغۆلەکان لەوەگەیشتن، بەردەوامبوونیان لەوهێرشانە هیچ ئامانجێکی نابێت، بۆیە وازیان لەشەڕکردن هێنا و ئابۆڵقەکەیان چڕتر کردەوە، هەڵسان بەدانانی گەمارۆی ئابوری لەسەر شارەکە، بەبەکارهێنانی فێڵ، داوایان لە بدرالدین لؤلؤکرد یەکێک بنێرێتە لای مەلیك کامیل، پێی بڵێت، بدرالدین لؤلؤ بەگیان و سەروەتەکەی هەوڵی داوە، هەموو ناوچەکەی لەهۆلاکۆ کڕیوە، عەلەمەدین ئەعسەر والی شارەکە وەڵامی نێردراوەکەی بدرالدین لؤلؤی دایەوە ووتی: فێڵی مامۆستاکەت دەزانین و نایێنە خوارەوە، تەنها لە گەڵ بەربوونەوەی بەردەکانی ئەم شارە نەبێت، ئێمە پەیمانمان بە خوای گەورەداوە( ابن العبری، ٢٠٠١: ٢٧٧).

بۆیە یشموت ئەمجارەیان بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە هاتەوە و دەیویست بەچ نرخێکبێت ئامانج بپێکێت، مەلیک کامیل سەرسەختانە بەرهەڵستی دەکرد، گەمارۆکە پتر لەساڵێکی خایاند، (تۆفیق، ٢٠١٣: ٤١٢-٤١٣). بەهۆی درێژەکێشانی گەمارۆکە، پێداویستیەکان نەمان، خەڵکی شار لەڕادەبەدەر توشی ناخۆشی هاتن، بێئەندازە ئازار و مەینەتیان چەشت، گەلیکیان لێکوژراو گرانی وبرسیەتی و قات و قڕی سەری هەڵدا، پەتاونەخۆشی تەشەنەیکرد، (الهمذانی، 1983:٣٢١؛ الذهبی، ٢٠٠٢: ١٦٤). خەڵک ناچاربوون گۆشتی مردوویان دەخوارد، تەنانەت سەگ وپشیلەو مشکیان دەخوارد، وایلێهات زۆربەی خەڵکی شارەکە لەناوچوون، ئاژەڵەکان لەناوچوون، شوراکان بە هۆی بەردبارانی توندی مەنجەنیقەکان داڕوخان، بەڵام لەگەل ئەوەشدا کۆڵیان نەدا، لە بەرگریکردن درێغیان نەکرد، چەند جارێک پەلاماری مەغۆلەکانیان تێکشکاند، سەدانیان لێکوشتن، مەغۆل لەئاست خۆڕاگری خەڵکەکە هیچیان بۆ نەکرا، نەشیان توانی پەی بەشورای قایم و پتەوی شار ببەن، (ابن شداد، ١٩٧٨:٥٠؛ الصیاد، ٢٠١١:٣٣٨؛ عبدالحکیم، ٢٠١١:٢١٤).

بە هۆی ئەم بارودۆخە کامیل لە گەڵ میرەکان ڕێککەوت سوپاکەی مەلیك ئەشرەف موسا مظفر شهاب الدین غازی بنێرن بۆ لای (سۆنتا) بۆ لابردنی ئابڵۆقە لەسەر میافارقین، بەرامبەر پێدانی قەلعەی (سناسە)، کەدەکەوێتە سەر چیای سنان لە بەشی باکوری میافارقین، سۆنتا بەوەڕازیبوو، بەڵام هیچییان نیازی جێبەجێکردنیان نەبوو، کاتێك هەندێ لە مەغۆلەکان چووبوون بۆ وەرگرتنی قەلعەکە، بینیبوویان مەلیک کامیل نێردراوی بەنهێنی ناردووە بۆ لای والی قەلعەکە کەتەسلیمی مەغۆلەکانی نەکات، چونکە گومانی لە ڕاستگۆیی سۆنتای هەبو، لەجێبەجێکردنی بەڵێن ورێکەوتنەکە، ئەوەوایکرد ببێتە هۆی هەلوەشانەوەی ڕێککەوتنەکە و کوژرانی مەلیك کامل، (ابن شداد، ١٩٧٨:٥٠٢-٥٠٣).

چونکە دوای ئەوە ڕوداوێکیتر ڕوویدا، پلانێگێڕێك دژی کامیل ئەنجامدرا، لەلایەن یەکێک لە پاشاکان، کێشەیەکی تایبەت کەوتە نێوان شازادە و دوو لە خزمەتکارەکانی کامیل، ئەمەش وایکرد نامەیەک بۆ سۆنتای بنێرن تێیدا پێشنیاری بەدەستەوەدانی میافارقین کرابوو، لەبەرامبەردا بکرێن بە سەرکردەی شارەکە، سۆنتای بەوەڕازی بوو، ئەوان یارمەتی سەربازەکانی مەغۆل بدەن، لەورێگەوە دواجار سەرکەوتن بەسەر شورای شارەکە، (الهمذانی، 1983: ٣٢٢ ). سەرئەنجام دوای بیست مانگ بەرهەڵستی بێوێنە لە(ربیع الاخرساڵی ٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) سوپای مەغۆل چونە نێوشارەکە، بەهۆی ئەو دوو مەملوکەی لەخاوەنەکەیان ڕەنجا بوون، پەیوەندیان بەمەغۆلەکانەوە کرد بە نهێنی پەیژەیان بۆ شۆڕکردنەوە، ژمارەیەک مەغۆل دزەیانکرد وچونە سەرقەڵاکە، میر حسام الدین کوڕی ڕەش تاکو کوژرا لە گەڵیان جەنگا، بەجۆرێك حەفتاودوو تیری بەرکەوتبو (العرینی، ٢٠١٣: ٢٣٦). ڕاستەوخۆ هێرشیانکردەسەر ئەوبورجەی مەلیک کامیل تیایدا دەجەنگا، ئەویش تا بەدیلگرتنی جەنگا، زۆربەی هێرشبەرەکانی کوشت، (الصیاد، ٢٠١١:٣٣٨؛ العرینی، ٢٠١٤: ٢٣٧).

بەوجۆرە کوشتارێکی گەورە ڕوویدا لەنێو موسڵمانەکاندا، کاتێک سوپای مەغۆل چووە ناو شاری میافارقین بیبنیان کەسی تێدا نەماوە، تەنها (٧٠) کەسی بە نیوە گیانی و برسیەتی بە زیندویی ماون ئەوانیش خەریکە دەمرن، میری شارەکەش کە مەلیک کامیل بوو لە نێو ئەو حەفتا کەسەدا بوو، ئەویان دەستگیر کرد و ناردیان بۆ لای هۆلاکۆ لەنزیک حەلەب، ئەوکاتە هۆلاکۆ گەمارۆی حەلەبی دابوو، (الصلابی، ٢٠١٠:١٣٩؛ عبدالعکیم، ٢٠١١: ٢١٤-٢١٥). لەونێوەندەدا مەسیحیەکان پارێزراوبون، بەهۆی ئەوهاوکاریانەی بەنهێنی پێشکەشی مەغۆلەکانیانکردبو، لە دوای ئەوەی لەکوشتنی خەڵکەکە تەواوبوون دەستیانکرد بەڕووخاندنی شورای شارەکە، (الیونینی، ١٩٥٤:٤٣٢-٤٣٣). توانیان دەست بەسەر قەڵای یەمانیەبگرن کە ژن و منداڵەکانی مەلیك کامیل و خزمە نزیکەکانی تێدابوو، (ابن شداد: ١٩٧٨، ج٣، ق٢، ص٥٥٦). بەوجۆرە دەستبەسەرداگرتنی شاری میافارقین نزیکەی دوو ساڵی خایاند، (ابن الوردی، ١٩٧٠: ٢٩٣). لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە ئەوەی دواجار وایکرد شاری میافارقین بکەوێت، خیانەتی ناوخۆیی و هاوکاریکردنی مەسیحیەکان بوو، ئەوە لەکاتێکدا مەسیحیەکان پارێزراوبون لەسایەی حوکمڕانی کوردەکاندا.

مەغۆلەکان هەردوژمن و نەیارێکیان بگرتایە دەیانبردە بەردەم خانی گەورە، یان بەرپرسی یەکەمیان لەناوچەکە، تابۆخۆی لێپرسینەوەی لەگەڵبکات و بڕیار لەچارەنوسی بدات، بۆیە مەلیک کامیل و مەلیک ئەشرەف موسای برای برانە لای هۆلاکۆ لە (تل باشر)، ئەویش یەکەمجار لێپرسینەوەی لەگەڵ مەلیک ئەشرەف موساداکرد، بەبیانوی ئەوەی لەگەرمەی شەڕدا ڕیزی ئەوانی بەرداوە، چۆتە لای مەلیک کامیل و نەهاتوە بۆ پێشوازی یەشموت، بۆیە بڕیاریدا لەملی بدرێت، (الهمذانی، ١٩٨٣: ٣٢٣). دواتر بانگی مەلیک کامیل کرا، هۆلاکۆ پێی ووت: (تۆ دەزانیت ئێمە پێداگری لە

ياسايەک دەکەین دەڵێت: هەر کەسێک سێ تاوانی کرد دەبوردرێت لە چوارەمدا دەکوژرێت، یەک یەک تاوانەکانی بۆ ژمارد، (تۆفیق، ٢٠١٣: ٤١٣-٤١٤)، لەوانە یەکەم: لە هەمەدان پێشوازیم لێکردیت و فەرمانم پێکردی بەڕووخاندنی شورای ئامەد نەتکرد. دووەم: ووتم خۆت و براکانت و سەروەتەکەت لەگەڵ سەربازەکانت بەرەو بەغداد وەرن تاشەڕ لەگەڵ خەلیفە بکەین نەتکرد. سێیەم: من تێپەڕیم بەلای ماڵەکەت تۆ دەرنەچوویت، هیچ دەنگت نەبوو، چاوم گرت تۆ نەمریت. کامیل وەڵامی دایەوەو ووتی: تۆ کێیت تامن زەحمەتبکێشم و بێمە دیدەنیت، تۆ نەبەڵێنێت هەیە نەئایین، من لەتۆ باشترم). هۆلاکۆ لێی پرسی: تۆ بە چ شتێک لە من باشتری ؟ وەڵامی دایەوە ووتی: (من باوەڕم بە خودا و پێغەمبەرکەی هەیە، دەستپاکم، لە گەڵ ئەوەشدا موڵک بەدەست خودایە، خۆی بەویستی خۆی دەیدات بەوەی کەبیەوێت، لەوەشی وەریدەگرێتەوە کەبیەوێت، ئێمە لە ڕۆژگارێک لە عەدەنەوە تا تەوریز بەدەستمانەوەبو، کەچی لەدەستماندا، ئێستا ئەگەر خودا بیەوێت ئاواش لەتۆدەکات، یەکێک دەنێرێت بۆ کوشتنت، ئەوکات لەناوتدەبات، هیچ سەربازێکت بۆناهێڵێتەوە)، هۆلاکۆ پێیگوت: هیچت بۆنەماوەتەوە ئەوەندەنەبێت تۆ قسەکانت لەخۆت گەورەترە، چونکە تۆ لەسوڵتانە بچووکەکانی. بۆیە هۆلاکۆ شمشێرەکەی دەرهێنا و زگی هەڵدڕی، فەرمانیدا سونجق ملی بپەڕێنێ، (ابن شداد، ١٩٧٨: ٥٠٤-٥٠٥؛ الهمذانی، ١٩٨٣: ٣٢٣). بەشێوەیەکی بێبەزەییانە کوشتیان، پارچە گۆشتیان لەلەش دەکردەوە و دەرخواردیاندەدا، (الصیاد، ٢٠١١:، ٣٣٨؛ العرینی، ٢٠١٤: ٢٣٧؛ ساندرز، ٢٠١٤: ١٦٦).

لە ڕاستیدا هیچ شارێک بەقەد میافارقین بەرگری نەکرد و لەشکری مەغۆلی بە خۆیەوە خەریک نەکرد، کەم کەس بە ڕادەی مەلیک کامیل دژی مەغۆل وەستا و زیانی پێگەیاندن، (تۆفیق، ٢٠١٣: ٤١٤). بۆیە لەداخان شار بەشار: حەلەب، حمص، حماە، بەعلەبەگ، لاشەکەیان دەگێڕا، (ابن الواصل، ٢٠٠٤: ٢٧٦؛ ساندرز، ٢٠١٤: ١٦٦)، تا گەیاندیانە دیمەشق، لەسەر دیواری (باب الفرادیس) دەروازەی باخچەکانەوە هەڵیانواسی، (الذهبی، ١٩٧١: ٣٦٦-٣٦٨؛ ابن الوردی، ١٩٧٠: ٢٠٥-٢٠٦؛ الصیاد، ٢٠١١: ٣٣٩؛ العرینی، ٢٠١٤: ٢٣٧)، ئەم کردەوەیان بۆ ئەوەبوو ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە ناوخەڵک، تێبگەن کەس نییە لەچنگیان دەربازیبێت، هەر کەسێک لێیان هەڵگەڕێتەوە چارەنوسی بەوجۆرەدەبێت، (تۆفیق، ٢٠١٣: ٤١٥). دواتر دانیشتوانی دیمەشق(٦٥٩ک/ ١٢٦١ز)، بەڕێزەوە تەرمی مەلیک کامیل یان هێناخوارو ناشتیان، (ابن الفوطی: ١٤١٦، ص٣٤٠).

مەغۆلەکان داخ لەدڵانە شاری میافارقینیان بەتەواوی ڕوخاند، کەسیان بەزیندووی تێدا نەهێشتەوە، ئەوهەموو ڕق و کینەیە بە هۆی بەرنگاربوونەوەی ئازایانەی مەلیک کامیل و دانیشتوانی ئەو شارە کوردیە بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری مادی و مرۆیی پێگەیاندبون، (الصلابی، ٢٠١١: ٤٣٩-٤٤٠). هاوکات لە گەڵ گەمارۆی میافارقین، هۆلاکۆ ئامەدی لە سیف الدین دڵی کوڕی جمیلی جێگری مەلیک کامیل سەند، دای بەسەلجوقیەکان کەهاوپەیمانی مەغۆل بوون، میافارقین و ئەرزشی ڕادەستی کەسایەتیەك بەناوی شرف الدین اللاوی کرد، ئەو میراخوڕی شهاب الین غازی بوو، نێوانی لە گەڵ مەلیک کامیل ناخۆش بوو پەیوەندی بە یەشموتەوە کردبوو، (ابن شداد، ١٩٧٨: 488، ٥١٠، ٥٤٠). بەوجۆرە میافارقین لەشارێکی گەشاوەوە بو بەشوێنەوارێکی خاپورکراو.

**ئەنجام:**

توێژەر لەئەنجامی لێکۆلینەوەو هەلسەنگاندنی سەرچاوەکان گەیشت بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1- پێگەی میافارقین لەناوچەکەدا گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، بەجۆرێك بەبێ دەستبەسەرداگرتنی گەیشتن بەشام و ناوچەکانیتر ئەستەم بوو.

2- کوردەکان بەسەرکردایەتی مەلیك کامڵ بەرگرێکی تەواویانکرد وکەمتەرخەمیان نەنواند، ئەگەر خیانەتی چەند کەسێك نەبوایە ڕەنگە کەوتنی شارەکە مەحاڵبوایە.

3- مەسیحی و سەلجوقیەکانی ناوچەکە ڕاستەوخۆ یالەژێرەوە هاوکارو یارمەتیدەری مەغۆلەکانبون بەدژی مەلیك کامل و کوردەکانی شارەکە.

4- میرنشینە کوردییەکانیتری ناوچەکە کۆکنەبون لەبەرگریکردن، بەزویی خۆیاندا بەدەستەوە.

٥- مێژوونوسی مەغۆل(الهمذانی مر:718ك/1381)، لە گێڕانەوەی گەمارۆدانی میافارقین جیاوازە لە گەڵ مێژوونوس (ابن شداد مر:684/1285ز) لەپیاهەڵدانی مەغۆلەکان، بەڵام هاوڕایە لەبارەی پیشاندانی بوێری مەلیک کامیل و بەرگریکارەکان، خستنەڕووی چەند دیمەنێکی کارەساتەکە.

**سەرچاوەکان**

**1- سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١ ابن جبير، أبو الحسين محمد بن أحمد. 1959، رحلة ابن جبير، دار الصادر، بيروت.

٢الحنبلي، أحمد بن أبراهيم. د.ت، شذرات الذهب في اخيار من ذهب، دار الفكرة للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت.

3 ابن الحوقل، أبو القاسم محمد بن على النصيبي. 1979، صورة الأرض منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت.

4- أبن خلدون: عبدالرحمن بن محمد. 1979، العبر ديوان المبتداء و الخبر في أيام العرب و العجم و (المشهور بتأريخ أبن خلدون )، مؤسسة جمال، بيروت.

5- الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد عثمان. 2006، دول أسلام، تحقيق: حسن أسماعيل مروة، ط٢، دار صادر، بيروت.

6- تأريخ الأسلام وفيات المشاهر والأعلان، دار الكتاب العربي، بيروت، ٢٠٠٢.

7- سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابي المظفر يوسف. 1951، مرأة الزمان التأريخ الأعيان، مجلس دائرة المعارفة العثمانية، حيدرآباد– الدكن، الهند.

8- أبن شداد، عزالدين محمد بن على أبن أبراهيم. 1978، الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة، تحقيق يحى عبادة، ديمشق.

9- ابن العبري، فريغورس الملطى. 2001، تأريخ مختصرالدول، دار التراث العربية، د.م.

10- الفارقي، أحمد بن يوسف بن على بن الأزرق. 1959، تأريخ الفارقي، تحقيق: بدوى عبداللطيف حوضي، الصيئة العامة لشؤون المطابع الأميرة، القاهرة.
11- أبو الفداء، عمادالدين اسماعيل بن على بن محمد الأيوبى. 1840، التقويم البلدان، تحقيق: رينو دوماك كوكن ديسلان، الطباعة السلطانية، پاريس.
12- أبن الفوطى، كمال الدين عبدالرزاق بن أحمد.1416، مجمع الأداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم، طهران.
13- أبن كثير، عمادالدين أبو الفداء أسماعيل بن عمر. 2003، البداية و النهاية، تحقيق: حامد أحمد الطاهر، دار الفكر للتراث، القاهرة.
14- المقدسى، أبو عبدالله محمد بن أحمد بن البناء البشاري. 2000، احسن التقاسم في المعرفة الأقاليم، علق عليه و وضع حواشيه محمد أمين الضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت.
15- النسوي، محمد بن أحمد. 1953، سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، تحقيق: حافظ أحمد حمدى، دار الفكر العربي، القاهرة.
16- اليونينى، قطب الدين موسى بن محمد. 1954، ذيل مراة الزمان، مطبعة دار المصارف العثمانية، حيدر آباد–الدكن، الهند.
17- الهمذانى، رشيدالدين فضل الله بن عمادالدولة. 1983، جامع التواريخ، ترجمة: فؤاد عبدالمعطي الصياد، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.
18- أبن واصل، جمال الدين محمد بن سالم. د.م، مفرج الكروب في أخيار بنى أيوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، دار الفكر العربي، القاهيرة.
19- ابن الوردي، زين الدين بن عمر مظفر. د.م، تتمة المختصر في أخيارالبشر المشهور بتأريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية، بيروت.
20- ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدالله الرومي. د.م، معجم البلدان، دار أحياء التراث العربي، بيروت.
21- اليعقوبى، أحمد بن اليعقوب بين واضح. 1988، البلدان، دار أحياء التراث العربي، بيروت.

**ب- ژێدەرەكان**

1- أسماعيل، فرست امرعي. 2005، الأمارات الكردية في العصرالعباسي الثاني(٣٥٠-٥١١هـ/ ٩٦٠- ١١١٧م، دارسبيريز للطباعة و النشر، دهوك.
2- السرجان، رغب. 2006، قصة التتار من البداية إلى عين جالوت، مؤسسة إقرأ للنشر و التوزيع و الترجمة، القاهرة.
3- بخيت، رجب محمود عبراهيم. 2010، تأريخ المغول و سقوط بغداد، مكتبة الإيمان، المنصورة.
4- حمادي، محمد جاسم. 1977، الجزيرة الفراتية والموصل، دار الرسالة للطباعة و النشر، بغداد.
5- قداوي، علاء محمود. 2015، الموصل والجزيرة الفراتية في عهد دولة المغولية الإلخانية (٦٥٦-٧٣٥هـ/ ١٢٥٨-١٣٣٥م)، دراسة تعليمية عن الأحتلال والمقاومة والجوانب الحضارية، (ب.ش.ج.
6- لسترنج، كي. 1954، بلدان الخلافة الشرقية نقله إلى العربية بشير فرنسيس و كوركيس عواد، مطبعة الرابطة، بغداد.

**كورديەكان:**

1- ئەلسەياد، فواد عەبدول موعتى. 2011، مەغۆل لە مێژوودا، و: نهاد جلال، چاپخانەی شڤان، ب.ش.
2- ئەلعرینی، سەیدباز. 2014، مێژووی مەغۆل، و: شاخەوان محمد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
3- تۆفيق، زرار صديق. 2013، كوردوكوردستان لەرۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیدا، (١٦-٦٥٦ک/ ٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
4- حسین، محسن محمد. 1992، سەلاحەدینی ئەیوبی، ژیاننامەی گەشترین، و: عبدالرزاق تیمار، دەزگای بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد.
5- ساندرز: ن ج. ج. 2014، مێژووی داگیرکەری مەغۆل، و: رەحمان ئەمیری، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
6- الصلابی، على محمد. 2010، دەوڵەتی مەغۆل و تەتار لە نێوان بڵاوبوونەوەو تێكشكاندا، و: ئەبوبەكر رەسول محمد، نارين، بيروت.
7- عبدالحكيم، المنصور. 2011، هۆلاكۆ، و: مەشخەڵ كەولۆسی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
8- علوان، عبدالله ناصح. 2000، سەلاحەدینی ئەیوبی قارەمانی شەڕی طحين و رزگاركەری قودس لەدەست خاچ پەرستەكان(٥١٢-٥٨٩ک)، و: باوكی عبدالله، لە بڵاوكراوەكانی دەنگی ئیسلام، هەولێر.
9- غەفور، عبدالله. 2005، جوگرافیای كوردستان، موكریانی، هەولێر.

الرسالة الدكتورا:

1- بورهان، أكو. 2007، التجارة و النظم المالية في كردستان(من قرن ٤-٧ هـ/ ١٠-١٣م) أطروحة دكتورا غير المنشورة كلية العلوم الأجتماعية، جامعة كويه.

**رسائل الماجستير:**

1- خليل، علاء محمود. 1985، المغول في الموصل و الجزيرة (٦٥٦-٧٣٦هـ/ ١٢٥٨-١٣٣٥م)، أطروحة ماجستير، جامعة الموصل، الموصل.
2- على، عبدالله محمد. 1992، الكرد في العهد المغولي (٦١٧-٦٣٦هـ/ ١٢٢٠-١٣٣٥م)، أطروحة ماجستير، جامعة صلاح الدين، أربيل.

**ملخص البحث**

ميافارقين بين الدفاع الكردى واحتلال المغول لها:

هدفنا من هذا البحث عرض المعلومات حول حصار ميافارقين واحتلالها من قبل المغول، نتحدث فيه دفاع الكرد عن المدينة، التى سكنوا فيها وكانت المقاومة بقيادة الملك كامل الايوبى. على رغم من ان الكرد استطاعوا المقاومة لمدة سنتين الا انهم وفى الاخير ولنفاذ المستلزمات الضرورية كالأكل وتفشى الامراض وكثرة الموتى والقتلى لم يستطيعوا الاستمرار فى المقاومة، وتم احتلال المدينة من قبل المغول. ان العوامل المباشرة التى ادت الى سقوط المدينة هى الخيانة الداخلية والاتفاق السرى بين الارمن المسيحين الساكنين ضد الكردوسلطتهم فى المدينة.

**Abstract**

The aim of the research is to investigate and demonstrate the historical Mongolian siege and invasion of the Silvan (Kurdish, Farqin. Turkish, Meyafarikin). The study also discusses the defense of the Silvan inhabitants with the leadership of Malik Kamil Ayoubi. The research also discusses that two years long defense of Kurdish people and how they managed to defend Silvan until they run out of weaponry and supplements. The research finds that they were many elements behind the defeat of Slivan. The research found that varied factors led to defeat of Slivan, such as break out of disease, lack of food, internal conflicts and conspiracy. Moreover, the research finds that the conspiracy and alliance between Armenian and Mangonlian against the Kurdish people in Silvan led to defeat of the Kurdish people and Silvan.